# بۆیە ئەڤینی تۆم!

سیروان کاروانی

بۆیە ئەڤینی تۆم
چونکە لە شەوقی مانگ دەچی
خەندەم بەخۆڕایی دەدەیتێ و
گریانم بە تۆبزی لێ دەدزی

بۆیە ئەڤینی تۆم
چونکە لە تاکەڕێگای بوونم دەچی
ڕەوسەی تەمەنم قەرزێکی کۆنە و
تۆ لە خاوەنێکی دڵاوا دەچی

بۆیە ئەڤینی تۆم
چونکە لە زادی خەیاڵم دەچی
تۆ لە تەک گرانییەکاندا نانەوا و
من لە دەری میهرەوانیتا سووژدەچی

بۆیە ئەڤینی تۆم
چونکە لە چڵێکی شاگەشکە دەچی
وەسفی هەموو جوانییەکم بۆ بکرێ
نازانم تۆی بە هەیبەت لە چی دەچی!

2003.12.09